خەبات www.xebat.net
دووشەمە 2017/3/20 ژمارە (5235)



# ئاژانسی NASA دەگەڕێتەوە هەسارەی (زوهرە)

لەوەتای ساڵی 1985ـەوە هیچ کامێک لە دەزگا فەلەکییەکانی جیهانیی کەشتی ئاسمانیی بۆ نیشتنەوە لەسەر رووی هەسارەی (زوهرە – Venus) نەناردوە، هۆکارەکەشی ئەوەیە لەبەر بەرزیی یەگجار زۆری پلەی گەرمیی رووەکەی و پەستانی هەوایەکەی، کەشتییە ئاسمانییەکە خێرا لەسەر روویدا دەتوێتەوە یان تێکدەشکێت، بە تایبەتیش کۆمپیوتەرەکان کەلە 250 پلەی سەدیی بەسەرەوە بەرگەیان نییەو تا ئێستا باشترین و بەبەرگەترینیان گەیشتۆتە ئاستی بەرگەگرتنی 450 پلەی سیلیزیی، بەڵام پلەی گەرمیی لەسەر رووی (زوهرە) دا دەگاتە سنووری 600 پلەی سیلیزیی.

بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە، زانایانی ئاژانسی (ناسا) لە (ناوەندی توێژینەوەی گلێن NASA's Glenn Research Center) رایانگەیاندووە، کە لەرێگای داهێنانێکی نوێ و بەدانانی چپی کۆمپیوتەر لەنێو سیرامیکدا، بەم زوانە دەتوانن کەشتییەکی ئاسمانیی بۆ هەسارەی زوهرە رەوانە بکەن.

چارەسەرەکە بە داپۆشینی چپەکە (یان پرۆسێسەری سەرەکیی کۆمپیوتەرەکە) بە پێکهاتەی سیلیکۆن – کاربید دەبێت کەتوانای بەرگەگرتنی پلەی گەرمیی زۆری هەیە، هەروەها بەرگەی پەستانی مەزنی هەوایەکەشی دەگرێت کە لەسەر هەسارەی زوهرە دەگاتە 90 جار ئەوەندەی پەستانی مەزنی هەوای زەوەی.

لە ژوورێکدا کە (ناسا) ئامادەی کردوە بۆ تاقیکردنەوە بەناوی )گلێن) ژینگەی هەسارەی زوهرەی تێدا بەرجەستەکراوە، دوای تاقیکردنەوە دەرکەوت کەوا چپەکە بۆ ماوەی 21 رۆژ بەرگەی گرتووە، کە ئەمەش ماوەیەکی زۆر باشە بۆ ئەنجامدانی ئەرکی زانستیی پێویست.

لەلایەکی دیکەوە زانایان دەڵێن شێوەو دیزاین و بوارە میکانیکییەکانی فڕۆکەکە کە لەسەر هەسارەکە دەنیشێتەوە وەک ئاستەنگێکی گەورە ماوەتەوە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش (ناسا) پلانی دارشتووە کەوا لەساڵی 2023 کۆتایی بە ئامادەکردنی ئەو کەشتییەیان هاتبێت.



# (لەپی پشیلە) یەک لە دووریی هەزاران تریلیۆن کیلۆمەتردا!

زۆرجار لەیەکچوونێکی سەیر دەبینین لەنێوان شێوەی بارستە گازی و تۆزو خۆڵییەکانی گەردوونی، لەگەڵ گیاندارو زیندەوەرەکانی نێو سروشتی هەسارەکەماندا، ئەمەشیان یەکێکە لەو نموونانە. تانەی گازیی ناسراو بە ( HYPERLINK "http://apod.nasa.gov/apod/ap080304.html" Cat's Paw Nebula) واتە (تانەی لەپی پشیلە) یەکێکە لە ناوچەکانی لە دایکبوونی ئەستێرەیی و لە رووی نەخشەی ئاسمانییەوە کەوتۆتە نێو کۆستێرەی (دووپشک ژ Scorpius) و ناوێکی تریشی هەیە کە (NGC 6334) ە و ئەو بارستایی ئەو ئەستێرانەی کە تێیدا لە دایکبوونە زۆر لە خۆری ئێمە دەچن و تەمەنیان لە تەنها چەند ملیۆن ساڵێک رەتی نەداوە، لە کاتێکدا تەمەنی خۆری ئێمە لە سنووری 4 ملیار و 800 ملیۆن ساڵە!، بەڵام ماوەی نێوان ئێمەو ئەو بارستە جوانە دەگاتە سنووری 5500 ساڵی رووناکی.

# هۆکاری لەناوچوونی (فیلی مامووس) دۆزرایەوە



توێژینەوەیەکی نوێ لە (زانکۆی کالیفۆرنیا) لە (برۆکلی) دەریخستووە کەوا لەمیانەی بەراوردکردنی جیناتەکانی فیلی زەبەلاحی (Mammoth) کە لە نێوان دوو سەردەم و بەژمارەیەکی زۆر لەسەر زەوی ژیاون پاشان بەرلەناوچوونە دەردەخات دارمانی جیاناتەکانی ئەم ئاژەڵانەدا رویداوە.

ئەم ئاکامانە وەک هۆشدارییەک وایە بۆ ژینگە پارێزان کە زاوزێی ئاژەڵە نزیکەکان (خزمەکان) لەوانەیە ببێتە هۆی هەڕەشەی دارمانی جینات و لەناوچوون و نەمانیان.

"توێژینەوەی تیۆریی زۆر کراوە لەسەر چۆنێتی گۆڕانکاری لە جیناتدا لەسەر گرووپە بچووکەکان، بەڵام لەم توێژینەوەیەدا دەرفەتێکی باشمان دەستکەوت تا جیناتی دوو سەردەم لەیەک جیا بکەین و بەراوردیان بکەین"، لە زاری بەرپرسی توێژینەوەکە، یاریدەری پرۆفیسۆر (رێبێکا رۆجەرس) لە (لەزانکۆی نۆرس کارۆلاینا) لە (شارلۆت)

توێژەرەوان دەڵێن مامووسی موودار بۆ سەردەمێک لە (ئەمریکای باکوور) و (سیبریا) و (بێرینجیا Beringia) واتە ئەو ناوچەیەی (ئەلاسکا) لە (ئەمریکای باکوور) بە (رووسیا) وە دەبەستێتەوە هەبوونەو ژیاون، بەڵام 10 هەزار ساڵ لەمەوبەر بەهۆی گەرمبوونی کەش و هەواو راوی مرۆڤەوە ژمارەیان کەم بۆتەوەو بەر لە 3500 ساڵ بەتەواوی لەناوچوونە.

توێژەرەوان دەڵێن، بەراوردکردنی جیناتی 45 هەزار ساڵ لەمەوبەر لەگەڵ 4500 ساڵ پێش ئێستا دەریدەخات کەوا بازدانی جینات روویداوە، بەڵام بەرەو خراپ بوون چووە، لەوانە نەمانی هەستی بۆنکردن وەک پێشتر، ئەمەش بۆتە گرفت بۆ دەستنیشانکردنی هاوسەری بەهێزو هەروەها گرفتی دووهەم کەمبوونەوەی موو کەجەستەی مامووسی دادەپۆشت.

"بوونی ئەو دوو جیناتە لە دووسەردەمی جیاوزو مانەوەیان بەباشیی، هۆکاری گەیشتنە بەو ئاکامە، وە ئەگەر لە رێگەی دیکەووە بوایە نەماندەتوانی ئەو دەرەنجامەش بەدەستبێنین"، هەر لە زاری (رۆجەرس) ەوە.



## فریای ئەنتیبایۆتیکەکان بکەون!

(رێکخراوی تەندروستی جیهانیی – WHO ) سەر (بەنەتەوە یەکگرتوەکان)ئاشکرای کردووە ئەگەر بەخێرایی پەرە بە ئەنتیبایۆتیکەکان نەدرێت و جۆری نوێی نەبێت ئەوا کەسانی زۆر بە نەخۆشییە باوەکان دەمرن و هەروەها رێکخراوەکە داوای خێرایی لە زانایانی تەندروستی کردووە تا ئەو کارە ئەنجام بدەن و داوای لەحکومەتەکانیش کردووە پشتیوانی مادیی توێژینەوەکانی ئەو بوارە بکەن.

"ئەگەر ئەنتیبایۆتیک بەتوانا نەبێت ئەوا کاریگەری نەرێنی لەسەر داهاتووی بەکارهێنانی ئەو دەرمانە دەبێت، بۆ نموونە، پزیشکەکان ناتوانن ئەو نەخۆشیانە چارەسەربکەن کە بەکتریای ئیکۆلی E. coli دەبێتە هۆکاری، یاخوود ئەو بەکتریایانەی دەبنە هۆی هەوکردنی بۆڕی میزو سکچوون، تەنانەت ڤایرۆسی ئینفلوەنزا کە لەوانەیە ببێتە هۆی هەوکردنی سییەکان و بەرگە نەگرتنی مرۆڤ و لەدەستدانی ژیانیان"، لە زاری دکتۆر (تریش بێرل) سەرۆکی بەشی نەخۆشییە بۆگوازراوەکان لە (ناوەندی تەندروستی زانکۆی تێکساس).

پزیشکەکان دەڵێن، بەهۆی خۆ گونجاندنی ڤایرۆس و بەکتریاکان لەگەڵ ئەنتیبایۆتیکەکان، ئەوا کەسانی بەتەمەن و منداڵان و ئەو کەسانەی سیستەمی بەرگریان لاوازە زیاتر رووبەڕووی مەترسی دەبنەوە.



# کۆمپانیای Uber بە نیازە ئۆتۆمبێل بفڕێنێ!

کۆمپانیای (ئووبەر) دەرەنجامی تاقیکرنەوەکانی خۆی بۆ ئۆتۆمبێلی (درۆنی ئەلیکترۆنی) لەشێوەی هێلیکۆپتەر بڵاوکردەوە کە لەسەر سەکۆیەک بە ستونی بەرز دەبێتەوەو دەنیشێتەوەو خاوەن بێدەنگە و تێچوونی کەمترەو بە پێی پلانی کۆمپانیای ناوبراوو بە هاوکاری لەگەڵ ئاژانسی (ناسا) وە دەتوانرێت ئەم بیرۆکەیە لە 10 ساڵی داهاتوودا بکەوێتە واری جێبەجێکردنەوە.